ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
دەورەی تازە
# ئۆکتۆبەر
11
10 ی ئایار / مەی 2021

# شەڕی پارتی و پەکەکە!



**موحسن کەریم**

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا پێکدادانی چەکداری لەنێوان هێزەکانی پارتی و پەکەکەدا ڕوویدا. ئەگەرچی تائێستا چەندجاری دیکە لێرەو لەوێ بەریەککەوتنی سەربازی لەنێوان ئەم دوو لایەنەدا ڕویداوە و بەردەوام کەشوهەوایەکی جەنگی باڵی بەسەر ڕاگەیاندنەکانی هەردوو لایەندا کێشاوە، بەڵام ئەمجارە ئەم پێکدادانە سەربازیەی پارتی و پەکەکە وەکو بەشێک لە ئۆپەراسیۆنێکی ناراستەوخۆی هاوبەشی تورکیا و پارتی دەردەکەوێ دژی پەکەکە، لەبەرئەوەی هاوکات هێزە سەربازیەکانی تورکیاش هێرشی سەربازی خۆی بۆ سەر پەکەکە لەناو هەرێمی کوردستان دەست پێکردوە.

بێگومان پارتی و پەکەکە وەکو دوو هێزی بزوتنەوەی ناسیۆنالیستی کورد، کێشە و ململانێی توندیان هەیە لەسەر ئەوەی کامیان دەبێتە ڕابەر و نوێنەری بزوتنەوەکە لە ئاستی ناوچەکەدا. بەشێکی کێشە و پروپاگەندەی جەنگی نێوانیان لەسەر ئەم بنەمایەوە سەرچاوەی گرتوە، بەڵام ئەم ڕاستیە ئەو فاکتەرەشی بۆ زیاد دەبێت کە پەیوەندی سیاسی و ئابوری و سەربازی نێوان پارتی و تورکیایە. پارتی وەکو هاوپەیمانی تورکیا و پەکەکەش وەکو هێزێکی چەکداری ئۆپۆزیسۆنی تورکیا کە لەناو هەرێمی کوردستاندا پایەگای هەیە، مایەی کێشە و گرفت و ئیحراجیە بۆ پارتی بەرامبەر تورکیا. وەکو چۆن تورکیا پەکەکە وەکو هۆکارێکی نائارامی سیاسی و دروستکردنی پشێوی لەناوخۆی تورکیا هەژمار دەکات، پارتیش

بۆ لاپەڕە 2

# هاوسەنگی هێز لە پەرلەمانی عێراقەوە بەدەست نایەت!



**عوسمان حاجی مارف**

دووبارە هەڵبژاردنەکان بۆ پەرلەمانی عێراق، هێزە میلیشیا تائفی و ناسیۆنالستەکانی سەرقاڵی ئامادەکاری و پلانگێری و کێشمەکێشی نێوانیان کردۆتەوە، ئەم هەڵبژاردنە لە هەلومەرجێکی پڕ قەیراناویدایە و دۆخی عێراق زیاتر دەرگیرە لە ناجێگیری و گێژاوی سیاسیدا، هاوسەنگی هێزەکان بەرێژەیەک ئالوگۆڕیان بەسەرداهاتووە کە هیچ لایەن وهێزێک نیە نیشانی بدات بە تەنها دەتوانی چارەنوسی

بۆ لاپەڕە 3

# کۆبوونەوەی نێچیرڤان بارزانی لەگەڵ حزبەکان

## گفتوگۆ لەگەڵ خەسرەوسایە



ئۆکتۆبەر: سەردانی نێچیرڤان بارزانی بۆ لای حزبەکان، لەمیدیاکانی پارتیەوە بەجولەیەکی دیبلۆماسی لەپێناو "یەکخستنی ماڵی کورد" دا لەقەڵەمدرا و نوسەرانێکیش داوایانکرد کە "هەقە حزبەکان بەپیر هەوڵەکانی سەرۆکی هەرێمەوە بۆ بەدەستهێنانی یەکگوتاری کورد" بچن.. بەڵام بەدەر لەم پیاهەڵدانانە ئێوە چ لێکدانەوەیەکتان بۆ ئەم سەردانانە هەیە؟

خەسرەو سایە: بێگومان پارتی عادەتیەتی کەهەر

بۆ لاپەڕە 4

**گۆڕەپانی عێراق لەنێوان چەکوشی ئێران و سندانی ئەمریکادا!** سەمیر عادل (سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق) - لاپەڕە 6

**سەبارەت بەسزادانی کرێکاران لەلایەن خاوەنکارەوە!**
گفتوگۆ لەگەڵ مەهدی ڕەسوڵ - لاپەڕە 8

**دەبێ سەرانی دەسەڵات سزا بدرێن نەک هەڵسوڕاوانی سیاسی بادینان!** دەشتی جەماڵ - لاپەڕە 10

**سەنگەر گواستنەوە یان گەڕان بەدوای کۆمپانیای چەورتردا!** عەبدوڵا مەحموود - لاپەڕە 12

## درێژەی.. شەڕی پارتی وپەکەکە!

بوونی پەکەکە لەناوچەکانی ژێردەسەلاتیدا وەکو هۆکارێکی بێزارکەر لەسەر ڕێگای پەیوەندی نێوان خۆی و تورکیا تەماشا دەکات.

دەوڵەتی تورکیا دەیان بنکەی سەربازی لە ناوچەکانی ژێردەسەلاتی پارتیدا دروست کردوە، بەبێ ئەوەی حسابێک بۆ پارتی و حکومەتی عێراق بکات، یاخود ڕاستر بڵێین بە ڕێکەوتن لەگەڵ پارتیدا ئەو بنکانەی دامەزراندوە. بەڵام پارتی لە بوونی پەکەکە لەو ناوچانە نارەحەتەو وەکو هۆکاری دەستێوەردان و وجودی سەربازی تورکیا لە هەرێمی کوردستان ناوزەدی دەکات. بێگومان ئەم بیانوە هەمان قسەی سەرانی دەوڵەتی تورکیایە بۆ دەستێوەردانیان لە هەرێمی کوردستان و لەهەر وولاتێکی دیکەی ناوچەکەدا. ئەوە ڕاستە کە بەشێک لەهۆکاری بوونی سەربازی دەوڵەتی تورکیا لە هەرێمی کوردستان بەرامبەر بە هێزەکانی پەکەکەیە، بەڵام هۆکاری ڕاستەقینەی بوونی سەربازی تورکیا لە هەرێمی کوردستان پەیوەندی بە جێگەو پێگەی سیاسی – سەربازی ئەو دەوڵەتەوە هەیە لە ئاستی ناوچەکەدا، هەروەکو چۆن پەیوەندی نێوان هێزەکانی پەیەدەو پەکەکەی کرد بە بیانویەک بۆ لەشکرکێشی و دەستێوەردان لە کاروباری سیاسی ناوخۆی سوریادا و لەوەش واوەتر هاوکاری هێزە ئیسلامیە تیرۆریستیەکانی سوریای کرد بۆ هەمان مەبەست، لەکاتێکدا ئەمەیان هیچ پەیوەندی بە پەیەدەوە نەبووە. یاخود ئەوەی کە لەکاروباری لیبیادا دەستێوەردانی سەربازی دەکات بەبیانووی هاریکارکردنی حکومەتی ( وفاقی نیشتمانی)یەوە، لەکاتێکدا لەو وڵاتە هیچ هێزێکی نەیاری تورکیا، نەک پەکەکەی لێ نیە!

بێگومان بوونی هێزەکانی پەکەکە لە کوردستانی عێراق ڕەنگە ئەو بیانوە بداتە دەستی دەوڵەتی شۆڤێنیستی تورکیا بۆ لەشکرکێشی و هێرش و نائەمنکردنی کوردستانی عێراق، بەڵام لەکاتێکدا کە هێزەکانی پەکەکە هیچ جۆرە کردەوەیەکی سەربازی لەدژی تورکیا ئەنجام نادەن، ئەو بیانوە هیچ پاکانەیەکی سیاسی نامێنێت. پەکەکە وەکو هێزێکی سیاسی- چەکداری دەتوانێ لە کوردستانی عێراق بمێنێتەوە هەروەکو چۆن حزبەکانی کوردستانی ئێرانی نەیاری ڕژێمی ئیسلامی ئێران لە کوردستانی عێراق هەن. پارتی لەکاتێکدا پەکەکە وەکو هۆکاری لەشکرکێشیەکانی تورکیا بۆسەر هەرێم ناوزەد دەکات، خۆی بنکەو بارەگای حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دەپارێزێ و داڵدەیان دەدات.

ئەگەرچی شەڕی نێوان پەکەکەو پارتی پەیوەندی بە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستانەوە نیە لەهیچ کام لە عێراق و تورکیا، بەڵام چاسەرەی بوونی پەکەکە لە کوردستانی عێراق بەشێوەی سەربازی ناکرێ، بەڵکو دەبێ بەشێوەی سیاسی ئەم پرسە چارەسەر بکرێ، لە کاتێکدا دەوڵەتێکی وەکو ئێران کە ڕکابەری ناوچەیی تورکیایە، پشتیوانی پەکەکە دەکات. چارەسەری ئەم کێشەیە بەوجۆرە دەکرێت کە دەوڵەتی تورکیا دەست هەڵگرێت لە سەرکوتی نەتەوەیی دژی خەڵکی کوردزمانی تورکیا، مافی هاوڵاتی یەکسان بۆ هەموو دانیشتوانی دابین بکات و پێناسەی تورکی بۆ دەوڵەتی تورکیا هەڵوەشێنێتەوە و ئازادی سیاسی بەڕەسمی بناسێت...

★

## کرێکاران! جەماوەری بەشمەینەت!
## دەسەڵات تەمەنی خۆی کردووە و ئێتر نۆرەی دەسەڵاتدارێتی خەڵکە!

**حزبەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی وەکو ئەوەی نوێنەری چینی سەرمایەدارن، ٣٠ ساڵە ئەزمونی سیستەم و دەسەڵاتێکیان کردووە کەسەراپا لەگەڵ ژیان و بژێوی و حورمەتی ئینسانی ئیوەدا ناکۆکە. ناکرێ لەوەزیاتر هەژاری و نەداری، بیکاری و ستەمەگەری و ئەو جیاکاریە چینایەتیە تەحەمول بکەین کەئەم حزبانە و حکومەت و سیستمەکەیان بۆ قازانجی خۆیان و کەڵەکەی سەرمایەکانیان، بەسەر ژیانی ئێمەوە رایان گرتووە، بۆیە ئێتر کاتی وەلانانی ئەم دەسەڵاتە و حاکمیەتی ئەم حزبانەی بزوتنەوەی کوردایەتیە، کاتی هێنانەمەیدانی ئیرادەی ڕاستەوخۆی جەماوەری و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگایە لەلایەن جەماوەری کرێکاران و زەحمەتکێشان و ژنان و لاوان و خەڵکی نارازیەوە. کاتی خۆرێکخراوکردنە لە شوراکان و ئەنجومەنەکانی شاردا. کەوایە با لەشوێنی کارو ژیاندا، لەگەڕەک و فەرمانگەو بەڕێوەبەرایەتیەکاندا، دەستبەخەینە نێودەستی یەک و لەدەوری یەکتر کۆببینەوە و نوێنەرانی خۆمان لەکەسانی دلسۆزو جەسور هەڵبژێرین و کۆنترۆڵی ناوەندەکانی کار و گەرەکەکان لەدەست بگرین و لەم ڕێگایەشەوە بەردی بناغەی دەسەڵاتداریتی جەماوەر دامەزرێنین!**

**ئۆکتۆبەر**

**ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**

سەرنوسەر : موحسن کەریم

00964(0)770 047 5533

muhsin_km@yahoo.com

**ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!**

# درێژەی .. هاوسەنگی هێز لە پەرلەمانی عێراقەوە بەدەست نایەت!

دەسەڵاتی سیاسی لە عێراقدا بە قازانجی خۆی یەکلایی کاتەوە، نە بە هێزی چەکداری و نە لەرێگەی هەڵبژاردنەوە. تا ئەو ئاستەی لە دەخالەت و کێشمەکێشی نێوان ئەمریکاو ئێرانیشدا چارەنوسی عێراق بە هەڵواسراوی ماوەتەوە، ئەوەش پێشبینی دەکرێت کە هەر وادەمێنێتەوە، بەتایبەتی بەدوای دامەزراندنی حکومەتەکەی کازمی نیشانەکانی دەرکەوتنی هەلومەرجێکی گونجاوو ئەرێنی نەک نەخرایە ڕوو، بەڵکو مەوقعیەت و بودەڵەیی دەوری هێزە سیاسیەکان و لە هەمانکاتدا نارێکخراوبونی نارەزایەتیە جەماوەریەکان ئایندەیەکی ڕۆشنی بۆ عێراق تیا بەدی ناکرێت، هەڵبەتە ئەم هەلومەرجی سیاسیە بە دەخالەتی ئەمریکاو وولاتانی ناوچەکە زیاتر کاریگەری ناتەندروست و نەرێنیان لەسەر ئەم هەڵبژاردنە دەبێت، هەروەها نارەزایەتیە جەماوەریەکانی بەغدا و خواروی عێراق و تورەیی خەڵک لەم هێزە میلیشیاییانە چارەنوسێکی نادیار و بارگرژی دەدات بە ئاکامی ئەم هەڵبژاردنە.

ئەگەری ئەوە زۆرە لەم هەڵبژاردنەدا کەمترین ڕێژەی دەنگدەر بەشداری دەنگدان بکات، وە ئەمەش وەک بەشێک لە بەردەوامی نارەزایەتیە جەماوەریەکان خۆی نیشان ئەدات، چونکە بەجۆرێکی وەها نائومێدی و تورەیی خەڵک لەبەرامبەر ئەم هێزە سیاسیانەدا تەشەنەی کردووە، کە خواستی ڕاماڵین و کۆتاییهێنان بەدەسەڵاتی سیاسی عێراق هیواو ئومێدێکی بەرفراوانی خەڵکە.

دۆخی نالەبارو نەگونجاوی ئەم هەڵبژاردنە ،هێزە سیاسیەکان زیاتر ناچار دەکات بۆ بەکارهێنانی فروفێڵ و ساختەکاری و جۆرێک لە ڕێکەوتنی سەیروسەمەرەی نێوان خۆیان، تا بەهەر بەهایەک بێت ئەم هەڵبژاردنە بەسەلامەتی تێپەرێنن.

مەسەلەیەک کە هەر لەسەرەتاوە جێگای سەرنجە چۆنیەتی بەشداریکردنی هێزو لایەنە کوردیەکانە لەم هەڵبژاردنەدا، وەک نمونەیەک دەیبینین گۆڕان و یەکێتی خەریکی هاوپەیمانیەکن بۆ ئەم هەڵبژاردنە، هەروەها کۆمەڵ و یەکگرتووش دەیانەوێت بەشدارو هاوبەش بن لەم لیستەدا. ئەم لیستە نمونەیەکە لە گەمەی سیاسی و گاڵتەجاریەک کە لە هەڵبژاردنەکانی پێشتردا بەدیمان نەکردووە، گۆڕان لەلایەک لە ئێستادا بەگشتی بەرژەوەندیە سیاسیەکانی زیاتر گرێداوەتەوە بە پەیوەندی لە گەڵ پارتیدا، لەلایەکی ترەوە، بۆ ئەم هەڵبژاردنەی عێراق دەڕواتە ڕیزی هاوپەیمانیەکەوە کە یەکێتی دەیەوێت بیکاتە دەسکەوتێک بۆ بەرژەوەندی سیاسی خۆی، هەڵبەتە سەرگەردانی گۆڕان لەم کارەو لە هەنگاوەکانی پێشوتریشیدا شتێکی شاراوە نیە. ئەوەی پێویستە لەسەر ئەم جۆرە لیستە رونکردنەوە بدەین.

یەکەم: بەشێکە لە ئاکامی قەیرانی ئەو دۆخە سیاسیەی کە هێزە کوردیەکان بەگشتی دەرگیری بوون و لە چاوەڕوانی ئەوەدان نازانن چارەنوسی کوردستان لە پەیوەند بە دەخالەتی وولاتانی زلهێزی دنیاو ناوچەکەدا بەرەو کوێ دەڕوات، چونکە دۆخی کوردستان بە هێزە میلیشیاکانیەوە لە ژێر پرسیارو دارماندایە.

دووەم: مەوقعیەتی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان لەئاستێکی وەهادا دابەزیوە تەنها بەدوای ئەوەوەیە پاشماوەکانی خۆی بپارێزێت، لە ناو هاوکێشەی سیاسیدا بە تایبەتی لە پەیوەند بە حکومەتی عێراقەوە هیچ متمانەو پێگەیەکی نەماوە، لە هەمان کاتدا کۆمەڵ ویەکگرتوش دەرگیری هەمان بێ ئاکامی و نادیاری چارەنوسی خۆیانن و بونەتە یاری دەستی یەکێتی و پارتی.

سێهەم: یەکێتی نیشتیمانیش بەجیا لە کێشە ناوخۆییەکانی و مەوقعیەتێک لە هاوسەنگی هێزی لەبەرامبەر پارتیدا کە تابێت بەرەو داکشان دەڕوات، ئامادەیە بۆ هەر شێوازێک لە هاوپەیمانیەتی بۆ کەمکردنەوەی داکشانەکەی و لە هەوڵدانێکی بێهودەدایە بۆ رکابەری لە بەرامبەر پارتیدا.

ئەم جۆرە لە گەمەی سیاسی لەلایەک زیاتر هەوڵ و دەوری یەکێتیە کە دەیەوێت بە ڕێکەوتن لەگەڵ گۆڕان و کۆمەڵ و یەکگرتو لیستێکی هاوبەش پێکبهێنێت، تا هاوسەنگی هێزی خۆی لەبەرامبەر پارتیدا بەرێتە سەر و جێگاو رێگایەکی زیاتر لە چاو پارتیدا لە حکومەتی عێراقدا بەدەست بهێنێت، لەلایەکی ترەوە ئاکامی بنبەستی تەواوی گۆڕان و کۆمەڵ و یەکگرتووە، کە وەک ئۆپۆزیسیۆن شکستیان هێناو وەک بەشداریش لەدەسەڵاتدا کارێکیان پێ نەکرا.

مەوقعیەتێک کە پارتی لەسەپاندنی دەسەڵاتی سیاسی خۆی لە ناوچەکەدا بەگشتی و لە کوردستان بەتایبەتی بەدەستی هێناوە، ئەم جۆرە هاوپەیمانیەی یەکێتی و گۆڕان ناتوانێت ببێتە دەسکەوتێکی سیاسی و گۆڕینی هاوسەنگی هێزیان و لاوازکردنی پارتی و پەیداکردنی جێگاو ڕێگایەک لە پەرلەمانی عێراقدا، ئەوەی لەپەرلەمانەکانی پێشودا بۆیان نەکراوە لەم پەرلەمانەشدا زیاتر دەبنە گاڵتەجار.

لەکاتێکدا ئەم هەڵبژاردنە بۆ پەرلەمانی عێراق، هیچ دەورێکی نابێت لە کۆتاییهێنان بەو گێژاوی سیاسیە، هەروەها ئاکام و چارەنوسی هێزە سیاسیەکانیش لە ناو ئەو گێژاوەدا ڕادەگرێت، بە تایبەتی ئاشکرایە کە لە پەیوەند بە دۆخی ناجێگیری سیاسی عێراق و ناوچەکەو فروانبونی نارەزایەتیە جەماوەریەکان، ئەم هەلومەرجە نالەبارە کۆتایی نایەت.

هیچ کات ناتوانین لە بونی ئەم هێزە میلیشیا تائفی و نەتەوەپەرستیە پێشبینی بکەین کە دۆخی عێراق ڕەوشێکی سەقامگیر بەخۆیەوە دەبینێت، بۆیە هاوپەیمانی یەکێتی و گۆڕان بە لیستی

## درێژەی .. کۆبوونەوەی نێچیرڤان بارزانی لەگەڵ حزبەکان

جوڵەیەکی سەرانی بنەماڵەی بەرزانی، هەرچەند ئاسایی و کەمبایەخیش بێت، بەپێداهەڵدان و مەدحکردن لەمیدیاکانی خۆیەوە تا ئاستی پیرۆزکردن، بەرێت و گەورەی بکاتەوە، ئەگینا ئەوەی کە لەزاری کەسانی باڵای لایەنەکانەوە ئاشکراکراوە، کۆبوونەوەی ئەمجارەی نێچرڤان بارزانی چ لەگەڵ حزبەکانی نێو دەسەڵات و چ ئەوانەشی لەدەرەوەی حکومەتدان، لەدرێژەی هەمان ئەو کۆبوونەوەیەدایە کەبەدوای ڕێکەوتنی نیوان هەرێم و بەغدا و تێپەڕکردنی بودجەی عێراق لەسەرۆکایەتی هەرێم لەسەر بانگەوازی خۆی سازدرا. هەڵبەتە نێچیرڤان بارزانی پێشتر بەر لە کۆبوونەوەکەی سەرۆکایەتی هەرێم، ئەوەی تەشخیس دابوو کە بانگەوازکردن بۆ کۆبونەوە لەگەڵ لایەنەکاندا، لەدۆخێکدا کە حکومەت لەبنبەست و لێکدابڕانی لایەنەکاندا چەقیبێ و هێشتا ئەنجامی دانوسانەکان لەگەڵ بەغدا بەخاڵێکی ئەوتۆ نەگەیشتبێت، کارێکی بێسودەو هیچ لایەنێک بەدەنگیەوە نایەت، هەربۆیە ڕاستەوخۆ لەگەڵ تێپەڕینی بودجەی عێراقدا ڕێکەوتنەکەی کردە دەستمایەیەک بۆ کۆبوونەوەی یەکەمی لایەنەکان.

بەڵام کۆبوونەوەی ئەمجارە بەدەر لەو بابەتانەی کەلەپشتی پەردەوە لەنێوان لایەنەکاندا قسەیان لەسەرکراوە، ترس و دڵەڕاوکێیەکی دوسەرە مۆری خۆی ناوە بە"جوڵە دیبلۆماسیەکانی سەرۆک"وە. خودی ئەوەی کە دەڵین "کۆبوونەوەکان بۆ یەکخستنی ماڵی کورد و یەک گوتاریە"، وەیا ئەوەی کە شەخسی سەرۆک لەکاتی سەردانەکاندا، ڕوو بەمیدیاکان دەڵێت" من هاتوم کەکێشەکانی هەرێم کەم بکەینەوە".. خۆی داننانە بەو ڕاستیەدا کە هەم لێکدابڕان لەڕیزەکانی حکومەت و حزبەکانی نێو پڕۆسەی سیاسی هەرێمدا هەیە و هەم هەرێم کێشەی هەیە، ئەمەش سەرچاوەی ئەو ترسو دڵەڕاوکێ دوسەرەیە کەیەخەی بەسەرۆکی هەرێم و حزب و دەسەلاتەکەی گرتووە. بەبڕوای من سەردانەکانی ئەمجارەی نێچرڤان بارزانی بۆلای لایەنەکان، هەوڵدانێکە بۆ ڕەوینەوەی ئەم ترس و دڵەڕاوکێیە و دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەک بۆ دەربازبوون لەو بنبەست و چەقینەی کەئێستا هەیە.

**ئۆکتۆبەر: مەبەستان لە ترسو دڵەڕاوکێی دووسەرە چیە.. ئەگەر بکرێ زیاتر مەبەستەکەتان ڕۆشن بکەنەوە؟**

**خەسرەوسایە:** خۆتان دەزانن ئەمڕۆ مانگێک و چەند ڕۆژێک تێپەڕیوە بەسەر ئەو ڕێکەوتنەی کە لەسەر بودجەی ٢٠٢١ بەسترا، بەڵام هێشتا ئەنجامەکانی ئەم ڕێکەوتنە هیچی لێ سەوز نەبووە، تەنانەت هێشتا ئەو گومان و بێمتمانەیە نەڕەویوەتەوە سەبارەت بەوەی کە ئایا بەغدا شایستە داراییەکانی هەرێم دەنێرێ و هەرێمیش داهاتەکان تەسلیم دەکات و بەمجۆرەش ڕێکەوتنەکە بەکردەوە هەنگاوی بۆ دەنرێت یان نا. هەر لەماوەی ئەم مانگ و چەند ڕۆژەدا، یانی لەنیوان ئەم دوو کۆبوونەوەیەدا کە سەرۆکی هەرێم لەگەڵ لایەنەکان سازی داوە، کوردستان بەکۆمەڵێک ڕوداو و پێشهاتی ئەمنی و سیاسیدا تێپەڕیوە، لەوانە بۆمبابارانی هەولێر، هاتنەناوەوەی هێزەکانی تورکیا و توندبونەوەی شەڕ لەگەڵ پەکەکەدا، پەلامارەکانی داعش، دۆخی خراپی خەڵک و هەڵکشانی پەتای کرۆنا.. ئەمانە لەپاڵ هاتنەپێشەوەی هەڵبژاردنە پێشوەختەکەی عێراق و ئەو جموجۆڵ و کێبڕکێیەی کە لەنیوان هێزەکانی عێراق لەلایەک و حزبەکانی هەرێم لەلایەکی ترەوە پێکهاتووە، دیسانەوە ترس و دڵەراوکێیەکی دوسەرەی ڕووبەڕوی سەرۆکی هەرێم و حزبەکەی کردۆتەوە: لەسەرێکیدا، ئەم ترسو دڵەڕاوکێیە، بەرامبەر بە بەرینبوونەوەی زیاتری ئەو درزوکەلێنەیە کەلەلایەک کەوتۆتە نێوان حزبەکانەوە و لەلایەکی تریشەوە لەپەیوەندی نێوان حکومەت و خەڵکدا پێکهاتووە و دیارنییە لەگەڵ قوڵبوونەوەی قەیرانی ئابوری و حکومەتیدا چ ڕوداو و پێشهاتێک بەدوای خۆیدا دێنیت. وە لە سەرێکی تردا ئەم ترسو دڵەڕاوکییە بەرامبەر بە داهاتوی پەیوەندیەکانی هەرێم و بەغدایە. بەتایبەتی لە هەلومەرجێکدا کە عێراق بەگشتی لەگێژوایێکی سیاسی نادیاردایەو هەڵبژاردنێکیش بەڕیوەیە کەکەس نازانێت داهاتوەکەی چی دەبێت.. لەدۆخێکی ئاوادا و بەم ترسو دڵەڕاوکێ دوسەرەوەیە

⇦

## ⇨ پاشماوەی .. هاوسەنگی هێز لە پەرلەمانی عێراقەوە بەدەست نایەت!

هاوبەش بۆ ناو پەرلەمانی عێراق ناتوانێ هاوسەنگی هیزی پارتی لە زۆنی زەرد لاواز بکات، چونکە جێگەو ڕێگەیەک کە پارتی لە پەیوەند بە بەغداوە هەیەتی، مەوقعیەت و دەسەڵاتی پارتیە لە زۆنی زەرد، نەک ئەوەی چەند ئەندام پەرلەمانی دەبێت لە بەغداد. ئەوەی گرنگە بۆ خەڵکی کوردستان هوشیاریە بەوەی ئەم کێشمەکێش و شەڕەی نێوان حزبەکانی کوردایەتی بۆ گۆڕینی هاوسەنگی هێزیان، یەکێتی لەبەرامبەر پارتی، پارتی لە بەرامبەر یەکێتی، گەورەترین زیان بە ژیان و نارەزایەتی و خەباتی جەماوەری دەگەیەنێت. کۆتایی هێنان بەدەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی و ئیسلامیەکان بە دەوری نارەزایەتی و خەباتی جەماوەری و دامەزراندنی دەسەڵاتی خەڵک ڕێگای ڕزگاریە.

☆

## پاشماوەی .. کۆبوونەوەی نێچیرڤان بارزانی لەگەڵ حزبەکان

کەنێچرڤان بارزانی ناچارکردوە بەدەستبردن بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ حزبەکاندا، تا دەرچەیەک بۆ دەرباز بوون لەم ترس و گومان و دلەڕاوکێیە بدۆزێتەوە. وەیا لانیکەم تەنگژەی نیوان حزبەکان و حکومەت خاوکاتەوەو لێرەشەوە بتوانێ بەرامبەر بەدۆخی ناڕەزایەتیەکان لەکۆمەڵگادا ڕاوەستێت.

**ئۆکتۆبەر: یەکێک لەو بابەتانەی لەم سەردانەی نێچیرڤان بەرزانیدا بۆ لای لایەنەکان، پرسی دەستوری هەرێمە.. بۆچی لەمکاتەدا ئەم بابەتە هێنراوەتەکایەوە، پارتی مەبەستی چیە لەم هەنگاوە؟**

**خەسرەو سایە:** پارتی و نێچرڤان بارزانی ئەمجارە کارتی دەستوری هەرێمی بۆ یاریەکی سیاسی گڵاو بەدەستەوەگرتووە، لەلایەکەوە دەیەوێت، بەهێنانەکایەوەی دەستور ئەو کێشەو ناکۆکیانەی کە لەسەر مادەو بڕگەکانی ڕەشنوسی دەستور لەڕابردوودا هەبووە و ئیستاش هەیە، بکاتە سەنتەری ناکۆکی نیوان لایەنەکان و بەمەش مەسەلەی گۆرانکاری لەسیستەم و وەلانانی ئەم دەسەلاتە لاوەکی بکاتەوە. لەلایەکی تریشەوە پرسی دەستور لەئێستادا بکاتە وەرەقەیەک بۆ هەڵخستنی فەزای سازان و ڕاکێشانی ئەو لایەنانەی کە خۆیان بەنەیار و ئۆپۆزسیۆنی پارتی دەزانن.

بەڵام لەمانەش گرنگتر پارتی و نێچرڤان بارزانی لەوە گەیشتوون کە حکومەت و دەسەلاتەکەیان قەیرانگرتوەو کەوتۆتە بەرامبەر بەخەڵکەوە و خەلکیش داوای وەلانانی دەکات. بەهێنانە پێشەوەی مەسەلەی دەستوری هەرێم پارتی و نێچیرڤان بارزانی دەیانەوێت خەباتی سیاسی جەماوەر و نارەزایەتیەکانی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش، کەبۆنی بە ئاڵوگۆڕێکی شۆڕشگێرانەوە کردوە، بگۆڕی بۆ مشتومڕێکی دەستوری لەدەوری بابەتگەلێکی وەک "سیستەمی هەرێم سەرۆکایەتی بێت یان پەرلەمانی"، "سەرۆکی هەرێم لەناو خەڵکەوە هەڵبژێردرێت یان لە پەرلەمانەوە"، "سانترالیزم یان لامەرکەزیەت"، " شەریعەتی ئیسلامی یان دیموکراسی وەک سەرچاوەی یاساکان لەدەستوردا جێگیربکرێ".. ئەمە لەکاتێکدایە کەکێشەی خەڵک لەئیستادا نە ئەم بابەتانەیەو نە تەنانەت بوون و نەبوونی خودی دەستورە، بەڵکو کێشەکە لەگەڵ مەجودیەتی دەسەلات و سیستەمێکی چینایەتیەدایە، کەسەراپا گەندەڵ و تالانچیە و سەرچاوەی ئەو هەموو ستەم و ناعەدالەتیەیە کە ٣٠ ساڵە ژیانی ئەوانی لەقاڵبداوە. ئەمەش جەوهەری ئەو یاریە گڵاوە سیاسیە کەپارتی بەکارتی دەستورەوە لەئیستدا دەستی داوەتێ.

☆

## بڕیاری دادگای پیاچونەوەی هەریم سیاسیە نەک یاسایی!

ڕۆژی ٢٨ی ٤ی ٢٠٢١ دادگای پیاچونەوەی گشتی هەرێم، بڕیاری ژمارە ٤٦٨ی دەرکرد کە تایبەت بوو بە پیاچونەوە بە بڕیاری دادگای تاوانەکانی هەولێر/ ٢ دا دەربارەی سزادانی هەڵسوڕاوانی سیاسی و مەدەنی بادینان بەناوەکانی ( شیروان ئەمین، شڤان سعید، ئەیاز کەرەم، هاریوان عیسی و گوهدار محمد امین).

پەسەندکردنی بڕیاری دادگای تاوانەکانی هەولێر لەلایەن دادگای پیاچونەوەی هەرێمەوە، بڕیارێکی تەواو سیاسیە کە لەلایەن ٣ دادوەری سەر بەپارتیەوە لە کۆی٥ دادوەر بە قازانجی بەرژەوەندی سیاسی پارتی دراوە. پێش لە سزادانی ئەو هەڵسوڕاوانە لەلایەن دادگای تاوانەکانی هەولێرەوە، سەرۆکی حکومەت ئەو کەسانەی وەکو سیخوڕ تاوانبار کرد. دادگای تاوانەکانی هەولێریش تاوانی سیخوڕی خستۆتەپاڵ ئەو هەڵسوڕاوە سیاسیانەو دادگای پیاچونەوەی هەرێمیش هەمان تاوانی لەسەر ئەو کەسانە ساغ کردۆتەوەو سەپاندویەتی.

پاش بەرپاکردنی چەندین نارەزایەتی بەرفراوان لە ئاستی ناوخۆو جیهاندا و سەرکۆنەکردنی بڕیارەکەی دادگای تاوانەکانی هەولێرو پشتیوانیکردن و بەریگردن بۆ سەلماندنی بێتاوانی ئەو هەڵسوراوانە، پارتی بێباکانە و بۆ زیاتر سەپاندنی دەسەڵاتی نادادپەروەرانەی خۆی لە ڕێگای دادگای پیاچونەوەوە هەمان بریاری زیندانیکردنی دەستگیرکراوەکانی پەسەندکرد.

هەر بۆیە دەبێت ئەم بڕیارە قەرەقوشیەی پارتی بەناوی دادگای پیاچونەوەی هەرێم هەڵبوەشێتەوە. دەبێ هەموو ئازادیخوازان و لایەنگرانی ئازادی هەڵسوڕانی سیاسی ڕێگا نەدەن ئەم سیاسەتە سەرکوتگەریەی پارتی بەناوی دادگاوە بچێتەسەر. دەبێ بە هەموو شێوازێکی مومکین فشاربخرێتە سەر پارتی بۆئەوەی لەم بڕیارەی پەشیمان بێتەوە. دەبێ یەکێتی و گۆڕان بەرپرسیار بکرێن لە ئاکامەکانی ئەم سیاسەتەی پارتی و بڕیارە سیاسیەکەی دادگای پیاچونەوە ی هەرێم. ئەوان شەریکی پارتین لەحکومەتداو پارتیش بەناوی دادگا و یاساوە ئەم تاوانە دژ بە ئازادی ئەنجام دەدات.

**حزبی کۆمۆنستی کرێکاری کوردستان**

**٧/٥/٢٠٢١**

# گۆڕەپانی عێراق لەنێوان چەکوشی ئێران و سندانی ئەمریکادا!

سەمیر عادل( سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق)



ئەوەی ئێستا لە گۆڕەپانی عێراقدا دەگوزەرێت، لە بۆردومانی بەردەوام و زیادبوونی کردەوە ئەمنی و سەربازیەکان دژ بە پێگەی سەربازیەکانی ئەمریکا، چ فرۆکەخانەی هەولێر بێت یان بنکەی بەلەد یان ناوچەی سەوز یاخود فرۆکەخانەی بەغدا، سەرەڕای دانانی بۆمبی چێنراو لەسەر ڕێگای هاتوچۆی هاوپەیمانەکان لە ناوچەکانی خوارووی عێراق، ئەمانە هەموویان بەشێکن لە پرۆسەیەکی سەراپاگیر بۆ گێڕانەوەی پێگەو نفوزی سیاسی و کۆمەلایەتی و بەدەستهێنانەوەی دەستپێشکەری بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران و هاوپەیمانە سیاسیەکانی نەک تەنها لە عێراق بەڵکو لەسەر ئاستی ناوچەکە.

ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەر لەعێراق زیاتر لە ڕاپەڕینی لوبنان ڕۆشت لەڕووی دانی زەبرێکی سیاسی و کۆمەلایەتی گەورە لە ئیسلامی سیاسی و دەسەلاتەکەی لە عێراق و ناوچەکەدا. بەپێچەوانەی ئەو هەراو زەنا ڕاگەیاندنەی پێی دەوترێ تەوەری بەرەنگاری و پێشگیری و بریتیە لە کۆمەڵێک ئامێری دەستی کۆماری ئیسلامی کە پێکهاتوە لە میلیشیا هاوپەیمانەکانی لیستی فەتح لەناو پەرلەمان، و ئەو هەموو دەهۆڵ کوتانەی مەلاکانی تاران- قوم سەبارەت بە بەدەستهێنانی سەرکەوتنی سیاسی و مەعنەوی و هەڵخراندنی جەماوەری، بەلام نفوزی سیاسی و کۆمەلایەتی کۆماری ئیسلامی ئێستا لاوازترە بە بەراورد بە پێش ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەر. دوبارەی دەکەینەوە وەکو لە چەند بۆنەی دیکەشدا پێداگریمان کردوە کە حکومەتی پێشووی ئەمریکا کەشوهەوای ڕاپەڕین و ئەو تورەییە فراوانەی کە لەناو خەڵکی عێراقدا هەبوو دژی دەسەلاتی ئیسلامی سیاسی، سوود لێوەرگرت تا بە خوێنساردیەوە قاسم سلێمانی ، سەرکردەی سوپای قودس بکوژێت، کە ئەوەش وایکرد زیاتر نفوزی سیاسی کۆماری ئیسلامی بەرتەسک بێتەوە و لەوکاتەشەوە نەیتوانیوە ئەو کەلێنە پڕبکاتەوە. بۆ یەکەمجار کۆماری ، لەدوای حکومەتی ڕاگوزەری ئیبراهیم جەعفەریەوە لەساڵی ٢٠٠٥ دا، هاوپەیمانەکەی لەعێراقدا؛ واتە دەسەلاتی جێبەجێکار کە لەسەرشانی ڕاپەڕینەوە هات، لەدەست دا. بەمانایەکی دیکە ڕەوتی ناسیونالیستی بە هەردوو باڵی عەرەبی و لۆکاڵیەوە(نیشتمانی) لە دوای داگیرکردنی عێراقەوە بەوجۆرە دەرفەتی نەبوە کەسێکی وەکو کازمی بکاتە سەرۆک وەزیرانی عێراق.

ئەو ئاڵوگۆڕە مەزنانەی کە لەماوەی کەمتر لەساڵێکدا لە ناوچەکەدا ڕوویانداوە، هەموویان لە قازانجی کۆماری ئیسلامی و نفوزی سیاسیدا نەبوون، ڕێکەوتنی ئاشتی نێوان ئیسرائیل و بەحرەین، پاشان ئیسرائیل و ئیمارات، هەندێ سەرەداوی ڕێکەوتنی نوێ هەیە کە لە پشتی پەردەوە دەچنرێن و هەروەها هاوکاری ئەمنی و هەواڵگری نێوان ئیسرائیل و سعودیە، دزەکردنی هەواڵی ئەوەی کە مەرجەعیەتی شیعە لە نەجەف گلۆپی سەوزی داگیرساندوە بۆ ئاساییبوونەوەی پەیوەندی نێوان عێراق و ئیسرائیل، هاوشانی ئەمە هەوڵی چڕوپڕ هەیە بۆ بەهێزکردنی ڕەوتی کازمی- ڕەوتی عروبی لە عێراق لەلایەن سعودیەوە لەڕێگای دامەزراندنی سندوقی سەروەری( سیادی) یەوە بە بەهای ( ٣ ملیار دۆلار) بۆ وەبەرهێنان لە عێراقدا، وەهەروەها گرێبەستی نێوان عێراق و ئیمارات بە بەهای (٣ ملیار دۆلار)ی دیکە و بەستنەوەی عێراق بە تۆڕی کارەبای کەنداوەوە، لەجیاتی هاوردەکردنی گاز لە ئێرانەوە بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا، سەرەڕای زیندووکردنەوەی پرۆژە کۆنەکەی سەدام " ئەنجومەنی هاریکاری عەرەبی" بەلام بەناوێکی نوێوە و بەبێ وولاتی یەمەن، بەناوی" ڕۆژهەلاتی نوێ" لەنێوان عێراق و ئەردەن و میسردا، هەموو ئەم ئاڵوگۆڕانە بەپێچەوانەی ئاراستەی کەشتی ئێرانەوە لە ناوچەکەدا ڕوویانداوە. ئەمە لەبواری سیاسیدا، بەلام لە مەیدانی سەربازیدا، ڕێکەوتنەکانی ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیلدا ڕێگای کردەوە بۆ بەرینبوونەوەی زەبرە سەربازیەکانی ئیسرائیل دژ بە بوونی سەربازی ئێران لەئاستی ناوچەکەدا، نەک تەنها لەسوریادا. ئەوەتا ئیسرائیل لە گەرووی ( باب المندب) لە دەریای سوور و دەریای سپی زەبر لە کەشتیە جەنگیەکانی ئێران دەدات، هەروەها زەبری جۆری لە ناوخۆی ئێران داوە چ لەوەی کە جێگری وەزیری بەرگری ئێران و بەرپرسی پرۆژەی ئەتۆمی ئێران، موحسین زادە دەکوژێت و وێستگەی کارەبای وێستگەی ئەتۆمی (تەنز) دەتەقێنێتەوە.

سەرەڕای گەمارۆی ئابوری ئەمریکا کە هەموو

## پاشماوەی .. گۆڕەپانی عێراق لەنێوان چەکوشی ئێران وەدەزگای ئەمریکادا!

سەرچاوەکانی دارایی پرۆژە سەربازی و سیاسیەکانی لەناوچەکەدا لێ داخستوە.

ئەمە لایەنێکی گۆڕانکاریەکانە، بەڵام لایەنەکەی دیکەی بریتیە لە سیاسەتی ئەمریکا لە ناوچەکەدا کە لەسەردەمی ئۆباماوە ستراتیژێکی ناڕوون و تێکەڵوپێکەڵی هەیە، بەتایبەتی سەبارەت بە پرسی سوریا. لەکاتی ڕاگەیاندنی کشانەوەی ئەمریکا لە عێراق ساڵی ٢٠١١، کە بەرەو ئەوەدەچوو لە سەرجەم ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکشێتەوەو تەرکیز بخاتەسەر سەر ئۆقیانووسی ئارام بۆ گەمارۆدانی چین وەکو ڕکابەری ستراتیژی ئەمریکا. ئەم سیاسەتەش لە وتاری ئۆبامادا لە بۆنەی دوبارە هەڵبژرادنەوەی وەکو سەرفۆک کۆماری ئەمریکا بەشێوەیەکی ڕاشکاو ئاماژەی پێکرا. بەڵام ئەم سیاسەتە بەشێوەیەکی گشتی ئاڵوگۆڕی بەسەردا هات نەک لەلایەن ئیدارەی ترامپەوە، بەڵکو بەهۆی دەستێوەردانی ڕوسیا بەشێوەیەکی کردەیی لەشەڕی سوریادا لە ئەیلولی ٢٠١٥دا و هەڵگێڕانەوەی هەموو هاوکێشە سیاسیەکانی ناوچەکە، کە ئەوەش وایکرد دەستەی فەرمانڕەوای ئەمریکا پێداچوونەوە بە سیاسەتەکانیدا بکات. لەلایەکی دیکەوە، پەلکێشانی چین و بەتایبەتی پرۆژەی ڕێگای ئاوریشمی کە سێ کیشوەر، ئاسیا، ئەوروپا و ئەفریقا، بەڕێگای ئاوی و ئاسمانی و ووشکانیەوە بەیەکەوە دەبەستێتەوە،وە عێراق و سوریا یەکێکن لەڕاڕەوە گرنگەکان بۆسەر دەریای ناوەڕاست، بێگومان کۆماری ئیسلامی و توانایەکانی لە ناوچەکەدا تەوەری ڕوسیا- چین لە پشتیەوە دەوەستێ. سیاسەتی ئیدارەی نوێی ئەمریکا گەڕانەوەیە بۆ ناوچەکە بەشێوەیەکی دیکە بۆ گەمارۆدانی نفوزی چینی – ڕوسی. لەبەرئەوە دەبینین کە ئیدارەی ئەمریکا بڕیاری کشانەوە لە ئەفغانستان دەدات لەبەرامبەر مانەوەیدا لە عێراق بەڵام لەچوارچێوەی هاوپەیمانی نێودەولەتیدا. لەبەرئەوە دەبینین کە هێزەکانی هاوپەیمانی بڕیاری زیادکردنی ژمارەی هێزەکانی دەکات لە ٥٠٠ کەسەوە بۆ ٥٠٠٠ کەس بەبیانوی شەڕ دژی داعش!

بەبێ ئەم گوزەرە شیکاریە ناتوانین هاوکێشەی سیاسی عێراق تێبگەین کە کاریگەری لەو گۆڕانکاریانەوە وەرگرتوە. ئەم گۆڕانکاریانە فرسەتی لەبەردەم دوبارە بەرهەمهاتنەوەی نفوزی دەسەڵاتی ئیسلامی سیاسی لە عێراقدا و بەهێزبوونەوەی پێگەکەی و لەسەر ئەو بنەمایەوە دوبارەبونەوە ئەو مەشهەدەی هەڵبژاردنی ئایاری ٢٠١٨، کاتێک ئاهەنگی سەرکەوتنی بەسەر داعشدا دەگێرا و سوودی لەو فەزایە وەرگرت، داخستوە. ئەوە بوو هەرخۆی سندوقەکانی پڕکرد لە دەنگ و هەرخۆشی سندوقەکانی کردەوەو کاتێک دەرکەوت هەڵبژاردن ساختەکاری تێداکراوە و داوای دوبارە جیاکردنەوەی دەنگەکان کرا، هەستا بە سوتاندنی سندوقەکان.

ئەم هێزە ئیسلامیە میلیشاییە، هەوڵیان دا لەڕێگای کوشتن و تیرۆرکردن و ڕفاندن و ئەشکەنجەدان و وونکردنی خۆپیشاندەران کۆنترۆلی بارودۆخی سیاسی بکەن و نەهێڵن لەدەستیان دەربچێت، بەڵام نەیانتوانی، بگرە لەوەش زیاتر ئەوەبوو سەرۆک وەزیرانە تاوانبارەکەی عادل عبدالمهدی ناچارکرد کە دەست لەکاربکێشێتەوە. مەسەلەیەکی دیکەی گرنگ ئەو ڕێکەوتنەیە کە لەنیوان حکومەتی هەولێر کە پارتی نوێنەرایەتی دەکات و تورکیاو حکومەتی کازمی ئەنجامدراوە و بە ڕێکەوتنی شەنگال ناسراوە، کە بەپێی ئەو ڕێکەوتنە دەبێ حەشدی شەعبی و هێزەکانی پەکەکەی هاوپەیمانی بکشێنەوە، ئەم ڕێکەوتنە زەبرێکی دیکە بوو لە نفوزی ئیسلامی سیاسی و گروپ و میلیشیاکانی و کۆماری ئیسلامی کەوت.

ئەم لەوحە گشتیەی کە لە مەشهەدی نێودەوڵەتی و هەرێمی و لۆکاڵی پێکهاتوە، پاڵی بە ئیسلامی سیاسی شێعەوە نام کە لەڕووی سیاسی و سەربازی و ئەمنی و هەواڵگریەوە پشتیوانی دەکرێ، بەشوێن پێناسەیەکدا بگەڕێ بۆخۆی، ئەویش پێناسەی( بەرەنگاری و پێشگیری) یە، دوای ئەوەی هاتوهاور و دەهۆلکوتانی جەنگی داعش و سەرکەوتنەکانیان بەسەریدا کۆتایی هات، تا لەوڕێگایەوە خۆیان پێناسە بکەنەوەو خۆیان بەرهەم بهێننەوە. بەوجۆرە کارەکە بوو بە گورزوەشاندن لە پێگە سەربازیەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە عێراق، وەکو هەوڵێک بۆ هەڵگێڕانەوەی هاوکێشەکە و گێڕانەوەی دەوری پێشووی خۆی. ئەو هەڵبژاردنەی بڕیارە ئەنجام بدرێ لەبەرژەوەندی ئەم گروپانە نیە لەبەر ئەو هۆیانەی باسمان کردن، بۆیە هەوڵ دەدەن پشێوی بنێنەوەو چ لەڕێگای تەقینەوە تیرۆریستیەکانەوە بێت کە لەبەغدا ڕویدا یاخود لەڕێگای بۆردومانکردنی ئەو شوێنانەی ناومان هێنان.

وەکو ئاکامێکی ناچاری کۆماری ئیسلامی هەوڵ دەدات کارتەکانی گفتوگۆی سەبارەت بە پرسی ئەتۆمی بەهێز بکات، یان لانی کەم چەند کارتێکی بەدەستەوە بێت بۆ دانوساندن، وەکو چۆن دەبینین کردەوە سەربازیەکانی لە یەمەن دژی سعودیە زیاد دەکات، کەچی لەهەمانکاتدا ڕازی دەبێت بە دەستپێکردنی چەند گەڕی گفتوگۆ لەگەڵ سعودیە لە بەغداد.

ئەم شیکردنەوە سیاسیە ئەمانگەیەنێت بەوەی کە بارودۆخی سیاسی عێراق و تەنانەت ناوچەکە، ئەگەری تەقینەوەی هەیە، چونکە ئەگەرهاتوو کۆماری ئیسلامی خۆی ببینێت کە گەمارۆ دراوە لە عێراقدا و لە پرسی ئەتۆمیدا بەشوێنک ناگات و کردەوە سەربازیەکانی ئیسرائیل لەدژی بەردەوام بێ،

# سەبارەت بەسزادانی کرێکاران لەلایەن خاوەنکارەوە!

## گفتوگۆ لەگەڵ مەهدی ڕەسوڵ



**ئۆکتۆبەر: بەبۆنەی یەکی ئایارەوە ژمارەیەک لە کرێکارانی کارگەی ئاسن و پۆلای ماس نەچونەوە سەرکار، بەڵام لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی کارگەوە سزادران.. ئەم پرسە بوە مایەی نارەزایەتی و لەژێر فشاری ئەو نارەزایەتیانەدا وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی ناچاربوو ئەو بڕیارە بە بەڕێوەبەرایەتی کارگەی ناوبراو هەڵوەشێنێتەوە. سەبارەت بەو روداوەو پرسی سزادانی کرێکاران لەسەر داکۆکیکردن لەمافەکانی خۆیان ئەم گفتوگۆیەمان لەگەڵ وەستا مەدی ڕەسوڵ، سەرنوسەی دەنگی کرێکار سازدا.**

**وەستامەهدی:** سەرەتا سوپاس بۆئێوە کە ئەم هەلەتان بۆ من رەخساند تا سەبارەت بەو بڕیارە قەرەقوشیەی بەڕێوەبەری گشتی کارگەی ئاسن و پۆڵای ماس بەرچاورونیەکی زیاتر بخەمە بەردەم رای گشتی ولایەنە پەیوەندیدارەکان. هەڵبەت بۆ من ئەوەی زۆر بەگرنگی دەزانم هەڵگرتنی سزاکەیە لەسەرئەو ٤٠کرێکارە، ئیجا لەژێرفشاری رای گشتی بێت یان هەر شتێکی تر، بەڵام ئەوەی کە ئایە ئێمە وەک هەڵسوراوانی کرێکاراری دەورمان هەبوە لە دەخالەتکردن لەو کێشەیەدا، بەڵێ، بەڵام ئیجازە بدەن با ئیشارەت بەیەک شت بدەم ئەویش ئەوەیە کە کرێکارانی ئەوبەشە زۆر هۆشیارانە وجەسورانە روبەروی ئیدارە بونەتەوە. خۆی بڕیاری سزادانی ئەم ٤٠کرێکارە بەتایبەت لە بۆنەیەکی وەک یەکی ئاردا بڕیارێکە کە زۆرپێشتر لە یەکی ئایار دەستی پێکردووە ،سزادانی کرێکارو دەرکردن لەسەرکار دەمێکە لەو کارگەیەو زۆربەی کارگەکانی تریش هەیە. ئەوبڕیارەی ئیدارەی کارگەی ئاسن هاوکاتە لەگەڵ بڕیاری چاکسازی حوکمەت ، لەو کارگەیە پێشلکاریەکی زۆر هەیە بۆسەر مافی کرێکاران، هەر لەزیادکردنی سەعاتی کارەوە تا لێگرتنەوەی مووچە کە لە فەرقی نرخی دینارو دۆلاردا هەیە تادەگات بەسزای بینەماو دەرکردن لەسەر کارو دابین نەکردنی شوێنی ئیسراحەت لەبەشەجیاجیاکان و ناسەلامەتی وخەتەرناکی شوێنی کارەکانیان لە هەموو بەشەکان. هەروەک وتم ئەمجارە کرێکارانی ئەو بەشە بە تەجروبەی خۆیان گەیشنە ئەو بڕیارەی کە ڕۆژی یەکی ئایار بەدەستەجەمعی نەچنەوە سەرکار. یەکێک لەکرێکارەکان دەڵی ڕۆژی پێنجشەمە، دوو ڕۆژ پێش یەکی ئایار پێیان ووتین کە لەیەکی ئایاردا بێنەوە سەرکار. بەڵام وتمان نایەینەوە، پاریش بەڵێنتان پێداین ئەگەر بێینەوەسەرکار بۆهەرسەعات کارێک، سەعاتونیوێک ئیزافە وەردەگرین، بەڵام دوایی بەئێمەتان ووت ئەمە سەدەقەیە، بۆیە ئێمە ئامادە نین بێینەوە. هەر ئەوڕۆژە بڕیاری سزاکە لەلایەن بەڕێوەبەی گشتیەوە دەردەچێت. کرێکارەکە دەڵێ ئەوە یەکەمجارە بەڵگەیەکی ئاوەها رەسمیمان دەست دەکەوێت، بۆیە یەکسەر وێنەیەکمان گرتو دامانە بازیان پریس. هەرئەو کرێکارە دەڵێ بۆ ڕۆژی دوایی ⇦

## پاشماوەی .. گۆڕەپانی عێراق لەنێوان چەکوشی ئێران وەدەزگای ئەمریکادا!

دەرگای عێراقیشی لێدابخرێ کە لەم گەمارۆی ئابوریەدا وەکو سەرچاوەی هەناسەدانی ئابوری ئێران هەژمار دەکرێ، ئەوا ڕەنگە کاربکات بۆ تەقاندنەوەی بارودۆخی ئەمنی عێراق بەهەمانشێوەی شوباتی ساڵی ٢٠٠٦، کە بوە هۆی هەڵگیرساندنی شەڕی ناوخۆ. وەکو دەزانین ئامانجی شەڕی ناوخۆ سازدانەوەی هاوسەنگیە سیاسیەکانە.

ئەگەری تەقینەوەی بارودۆخی ئەمنی، یان لانی کەم دروستکردنی جۆرێک لە پشێوی لەو ئەگەرانەن کە ڕەنگە روبدەن، بەڵام حەتمی نیە، بەڵام ئێمە کۆمۆنیستەکان و سۆشیالیستەکان و ئازادیخوازان دەبێ ئەم ئەگەرە لەبەرچاومان وون نەبێ و دەبێ جەماوەری لێ ئاگاداربکەینەوە و بانگەوازیان بکەین کە شوێن ئەم کێشمەکێشە کۆنەپەرستانەیە نەکەون، و هاوکات کاربکەین بۆ ڕێکخستنی ڕیزەکانمان لە گەڕەک و ناوچەکان و ڕێگا نەدەین شوێنی کارو ژیانمان ببێتە مەیدانی یەکلاکردنەوەی حساباتی سیاسی خۆیان. دەبێ لیژنەکانی پاراستنی خەڵکی گەڕەک دروست بکەین و لەژێر دروشمی: میلیشیاکانتان لە ناوجەکانمان بەرنەدەرەوە، شوێنی ژیان و گەڕەکەکانمان شوێنی بارەگای میلیشیای تێدانابێتەوە، ڕێگا نادەین میلیشیاکانتان شوێنی ژیان وکارمان بکەنە مەیدانی جەنگ وشەڕە کۆنەپەرستانەکانتان.

★

**درێژەی.. سەبارەت بە سزادانی کرێکاران لەلایەن خاوەنکارەوە!**

سەندیکاو نوێنەری وەزارەتی کار هاتونەتە ناو کارگەو دواتر هاتونەتە بەشەکەی ئێمە. بەرێوەبەری بەشەکەی ئێمە پێیانی وتووە ئەو ئاگاداریەی ئیدارە تەنها بۆترساندنی کرێکارانە کە ئەمە بۆخۆی سەرپێچیەکی ئاشکرای مافەکانمانە. هاوکات دەشڵێ کە ئیدارە بەردەوام دەبێت لە جێبەجێکردنی سزادانی کرێکاران و بەدڵنیایشەوە ئێمە بێدەنگ نابین.

سەبارەت بە دەخاڵەتی ئێمە بەڵی، چ بازیان پرێس وچ ئێمەش وەک رۆژنامەی دەنگی کرێکار دەورمان هەبو لە وروژاندنی ئەو پرسە و یەکسەر من راگەیاندنێکم بەناوی خۆمەوە بڵاوکردەوەو هاوکات لەرێگای تەلەفونەوە لەگەڵ بەرێوەبەری وەزارەتی کار لەسەر ئەو مەسەلەیە ماوەی نیوسەعات قسەم کرد. بە بەرێوبەری گشتیم راگەیاند کە راگەیاندنێکی تر بڵاودەکەمەوەو دەقی قسەکانتان بڵاودەکەمەوە. زۆری پێنەچوو نزیک بە ٦سەعات دوای قسەکانم لە گەڵ بەرێوەبەری گشتی، هەواڵی هەڵوەشاندنەوەی سزاکە لەلایەن وەزارەتی کارەوە بڵاوکرایەوە. ئەوەی جێگای هەڵوەستە لەسەرکردنە بۆچی وابەزویی وەزارەت هاتە سەرخەت. دەیانجار لە کێشە جۆراوجۆرەکان یاداشنامەو بریارنامەو داخوازیەکانی کرێکاران و جەماوەری نارازی لەرێگای رای گشتیە گەیشتوەتە دەستیان، بەڵام هیچ وەڵامێک نەبووە. بەبروای من بریاری وەزارەت هی ئەوە نییە کە سیاسەتیان گۆرِیبێت، تەنها هۆکار ئەوەیە کە خەریکە لە هەڵبژاردن نزیک دەبینەوە، بۆیە ئەو بریارەی وەزارەت بەشێکە لە دیعایەی پێش هەڵبژاردن .هیچکات ئەم دەسەڵاتە ئیعتیبار بۆرای گشتی و هەڵسوراوانی کرێکاری دانانێت و نوێنەرانی کرێکارانیش بەرەسمی ناناسن، تەنها سەندیکا حزبیەکەی کە نوێنەراتی ئەحزابی بەشدار لەحوکمەت و پەرلەمانن بەرەسمی دەناسن کە بەهیچ جۆرێک پەیوەندیان بە بەرژەوەندی کرێکارانەوە نییە.

**ئۆکتۆبەر: بەڕای ئێوە بۆچی کرێکار لەسەر مافە یاساییەکانی خۆشی سزا دەدرێ؟ چی وایکردوە خاوەنکار ئەوەندە بێمنەت بێت بەرامبەر بە کرێکارو مافەکانی تەنانەت بەرامبەر بە یاسای کار!؟ بێدەربەستی دەسەلات، لاوازی بزوتنەوەی کرێکاری و نەبوونی فشاری کرێکار، وەکو چۆن لەم رواودەدا نیشانی دا کە ئەگەر فشاری کرێکاری هەبێ دەسەڵات ناچار دەبێت بێتە سە رخەت....**

**وەستامەهدی:** بەڵێ کرێکاران لە هەرێمی کوردستان تەنانەت ئەو مافانەش کە لە یاسا کۆنەکاندا هەن، پێشێل دەکرێن و لەزۆبەی ناوەندەکانی کار سزاش دەرێن، هۆکارەکەش هەرئەوەیە حوکمەتی هەرێم بەتەواوەتی سیاسەتی نیئۆلیبرالیزم جێبەجێ دەکاو شانی خۆی لەهەرجۆرە بەرپرسیارێتیەک بەرامبەر بەکرێکاران و مافەکانیان خاڵیکردۆتەوە و پەیوەندی کارو سەرمایەی سپاردوە بە یاساکانی بازار و لێرەشەوە دەستی خاوەنکارو کومپانیاکانی ئاوەڵاکردووە تا بەوجۆرەی دەیانەوێت کرێکاران بەهەرزانترین نرخ و بەبێ هیچ مافو ئیمتیازاتێک بخەنەبەرکارەوە. رِێگە نەدان بە ئازادی رِیکخراوبوون و مانگرتن، گرێبەستی کاتی و بێدەنگکردنی کرێکاران، سەعاتکاری زۆر وهەقدەستی کەم وهەڵوەشانەوەی هەموو ئەو ئیمتیازاتانەی کەکرێکاران لەرابردوودا بوویانە، رِوکنی سەرەکی سیاسەتەکانی حکومەتە.

لەهەرێمی کوردستان بەتایبەت کرێکارانی هاتوو هەر زۆر نامرۆڤانە مامەلە دەکرێن. لەکوردستان نزیکەی ٤٠ بۆ ٥٠ هەزار کرێکاری هاتوو هەیە کە بەشێکیان بەشیوەی یاسایی لەلایەن کۆمپانیاکانی هێنانی هێزی کارەوە لەوڵاتانێکی وەک نیپاڵ، فلیپین، بەنگەلادیش... هاتوون و لەبەشی خزمەتگوزاریدا کاردەکەن. بەشیکی تریان بەقاچاخ هاتونەتە هەرێمی کوردستانەوە بۆ کارکردن. ئەمە جگەلە کرێکارانیکی عەرەب زمان، کە لەبەر دۆخی جەنگو نائارامی لەسوریاو شارەکانی تری عێراقەوە هاتون. بەشی زۆری کرێکارانی هاتوو، لەکوردستانی ئێرانەوە هاتوون، بەگشتی دۆخی ئەم کرێکارانە خراپترین ئاستی کارو بژێوی لەچاو بەشەکانی تری کرێکارانی کوردستاندا پێک دەهێنن. جگەلەوەی کەهیچ جۆرە یاساو برِیارێک نایانگرێتەوە، هاوکات دەزگاکانی ئاسایش وهاتوچۆ غەرامەیان دەکەن، دەیانگرن و زیندان دەکرێن، کۆمەلگاش بەچاوی سوکەوە سەیریان دەکات و لەنێو کرێکارانیشدا بەهۆکاری بێکاری سەیر دەکرێن و لەلایەن دەسەلات و خاوەنکارەوە وەک ئامرازیک بۆ توندکردنەوەی مونافەسەی نیوان کرێکاران بەکار دەهێنرێن.

داسەپاندنی بێکاری و هەژارترکردنی کرێکاران لەژێر ناوی چاکسازیدا، گۆشەیەکی تری سیاسەت و مامەلەی

# کرێکاران تەنها بەخەباتی یەکگرتوانەی خۆیان دەتوانن دۆخی کار و باری ژیانیان باش بکەن !



# دەبێ سەرانی دەسەڵات سزا بدرێن نەک هەڵسوڕاوانی سیاسی بادینان!

دەشتی جەمال

سەرەنجام دادگای پیاچوونەوەی گشتی هەرێم بڕیاری دادگای تاوانەکانی هەولێری بە سزادانی هەڵسووڕاوانی سیاسی بادینانی پەسەندکرد و تاوانی سیخوڕ و تێکدەر و کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر بەرپرسانی حکومەت و وێنەگرتنی شوێنە هەستیارەکانی... خستە پاڵ پۆلێک لە هەڵسووڕاوی سیاسی بادینان. ئەم بڕیارە نارەزایەتیەکی بەرفراوان و توندی لیکەوتەوە تا ئاستێک کە کونسوڵخانەکانی ئەمریکا و بەریتانیا و کەنەداشی هێنایە سەرخەت و مۆری ڕەشی ڕیسوایی نا بە دادگا و حوکمی دەسەڵاتێکەوە کە تەواوی هەوڵی بۆ ئەوەیە دەمی ئازادی ببەستێ و کۆمەڵگاش لە قەفەز بنێت.

بڕیاری ئەمجارەی پارتی و پێداگری لەسەر سزادانی هەڵسوڕاوانی سیاسی، ڕووی لەوەیە کە یاسا و دادگا لەپاڵ تیرۆر و ئینسان دزین و شەقهەڵدان لە خەڵکی ناڕازی، بکاتە ئەڵقەیەکی تەواوکردنی سیاسەتی سەرکوتگەری و دانی پەیامی ترس و تۆقاندن بە خەڵکی ئازادیخواز و ناڕازی و هەڵسوڕوانی سیاسی تا ئارام و بێدەنگ بن، ئەگەرنا نەخشە و پیلان بۆ سزادانتان ئامادەکراوە و ئەگەر بە تیرۆر و تێهەڵدان نەتوانین لەماڵەوە ڕاتان بگرین ئەوا بە دادگا و داوەرەکانمان دەمتان دەبەستین. بێگومان هەموو ئەم سیاسەت و هەوڵەی پارتی و حکومەتەکەی بۆئەوەیە کە ئەم دەورەیە تێپەڕێنێ و ڕێگە لەبەردەم هەستانی جەماوەری بگرێ.

بەڵام با کەمێک لەسەر پاساوەکانی دادگای تاوانەکانی هەولێر ڕاوەستین کە دواتر دادگای پیاچوونەوە قبوڵیکردوە: گوایە ئەمانە سیخوڕییان بۆ ئەمریکا و بەریتانیا کردوە. یان کار بۆ پەکەکە دەکەن و تێکدەرن و ... بە ڕاستی کێن ئەوانەی سیخوڕ و تێکدەرن؟

کارنامەی دەسەڵات و سیستەم و حوکمڕانی ئێوە کە لە سێ دەهەی ڕابردوودا پڕە لە تاوان و کارەسات و جۆرەها نەهامەتی و دەردەسەری بۆ خەڵکی کوردستان، یان ئەوانەی ناڕازین بە حوکم و دەسەڵاتەکەتان؟ ئێوە کە داهاتی نەوت و سامانی کوردستانتان بەتاڵان

---

## درێژەی.. سەبارەت بە سزادانی کرێکاران لەلایەن خاوەنکارەوە!

حکومەتی هەرێمە بەرامبەر بە کرێکاران و خانەوادەکانیان و خەریکە هیچ جۆرە ئیمتیازات و خزمەتگوزاریەک ناهێڵێ و هەموی سپاردووە بە بڕیاری یەکلایەنەی خاوەنکارو کۆمپانیاکان، کە بەشێکی هەرەزۆری ئەم کۆمپانیایانە خاوەنەکانیان مەسئولێنی ئەحزابی دەسەڵاتن. دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان بەتەواوەتی لایەنگری بازاری ئازادن لەهەوڵی بردنەپێشەوەی بڕیارەکانی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوی کاری جیهانین. دانانی باج لەسەر دەرامەتی هەر هاولاتیەک کە ئەگەر موچەکەی لەسەرو ٥٠٠ هەزارەوە بێت، هەروەها زیادکردنی کرێی ئاوو کارەبا وتەندروستی.. هێندەی تر دۆخی هەژاری بەسەر هاولاتیاندا داسەپاندوە.

لەزۆربەی کارگەو دامەزراوە پیشەسازیەکاندا بەبیانوی زۆر بێ بنەماوە کرێکار لەسەرکار دەردەکرێن و بەشێوەی جۆراوجۆر سزادەدرێن، ئەی مەگەر سزاچۆنە. هەڵبەت ئەم دۆخە سەختەش کە بەسەر کرێکاراندا سەپێنراوە حەتمەن تەئسیری هەیە لەبزوتنەوەی کرێکاری ولاوازکردنی بزوتنەوەی کرێکاری و پارچەکردنی کرێکاران، بەڵام سەرەرای هەموئەوانەش کە ئیشارەتمان پێدا هێشتا کرێکاران بێدەنگ نەبونە لەگشت ناوەندەکانی کار بەشێوەی جۆراو جۆر روبەروبونەوەو نارەزایەتی کرێکاران هەبوە ،بەڵام بەداخەوە هێشتا هاوسەنگی هێز لەقازانجی کرێکاران نییەو ئەو ئیمکاناتە زۆرەی بەدەست بۆرجوازیەوەیە بەجۆرێکە کە کرێکارانی بەم شێوەی ئێستا گەیاندووە .

بەڵام تاکە ڕێگا بۆباشکردنی دۆخی کاروژیانی کرێکاران ڕێکخراوبون و خەباتی بەردەوامی کرێکارانە نمونەش بڕیاری نەچونەوە سەرکاری ئەو٤٠کرێکارە و راوەستانەوەیان لەبەرامبەر بەو بڕیارەی بەڕێوەبەری گشتی و دەیان نمونەی تری وەک کرێکارانی خشت وکارگەی چیمەنۆی تاسلوجەو کرێکارانی پالاوگەی نەوتی شیواشۆک و...هتد لەروبەروبونەوەی خاوەنکارو دەسەلات هەموو ئەم نمونانە ئەگەرچی بجوکیش بن سەرەتا دەستپێکردنی دەورەکی نوێیە لە خەباتی چینی کرێکار لە کوردستان.

☆

## درێژەی.. دەبێ سەرانی دەسەڵات سزا بدرێن نەک هەڵسوڕاوانی سیاسی بادینان!

بردوە، موچەی خەڵک نادەن، نەخۆشخانەکانتان بێ دەرمان کردوە، تەواوی خزمەتگوزاریەکانی خەڵکتان بڕیوە، دەستتان لە دەیان تاواندا سوور بووە. هەڵگیرساندنی شەڕی ناوخۆ و کوشتار و ئاوارەییەک کە بەدوای خۆیدا هێنای کێ لێی بەرپرسە؟! کێ لە ڕەشەکوژی ژنان و کوێلەیەتیان بەرپرسە؟! ئێوە کە خاوەنی دەیان تاوانی وەک ٣١ی ئاب و بەدەستەوەدانی شەنگال و پێشلەشکری و ڕێنیشاندەرن بۆ میتی تورکیا و دەوڵەتانی کۆنەپەرستی ناوچەکە.. ئێوە کە بەخۆگرێدانەوە بە سیاسەتەکانی ئەمریکا و تورکیا و ئێرانەوە، دەستی تاوانی دەیان باندی ئینسانکوژیتان بۆسەر ژیان و داهاتووی خەڵکی کوردستان درێژ کردوە، ئێوە کە بەرپرسن لە دەیان کارەساتی خۆکوژی لاوی کوردستان و ناچاربوونیان بەوەی کە سەری خۆیان هەڵگرن و موجازەفە بە ژیانی خۆیانەوە بکەن تا لە دەسەڵاتی ستەمکاری ئێوە ڕزگاریان بێت... ئایا ئەوە ئەو شێوازە لە حوکمرانی ئێوە نیە کە ئەمنییەت و ئاسایشی خەڵکی کوردستانی تێکداوە؟ ئەگەر بەراستی دادگا و یاسایەکی عادلانە لە کوردستاندا هەبوایە و دادوەر و یاساکان لە خزمەتی ئێوەدا نەبوایە، ئەوە ئێوە و سەرانی دەسەڵاتەکەتانن کە دەبێت لەسەر کارنامەی ڕەشتان نەک یەکجار بگرە دەیان جار ببرێنە بەردەم دادگا و لە زینداندا توند بکرێن.

ئەوەی جێگای تێڕامانە بەدوای ئەم بڕیارەی دادگای پیاچوونەوە کە سێ دادوەری پارتی لەگەڵی بوون و دوانی یەکێتی دژی، نیشانی ئەدا کە بەڕێوەبردنی یاسا حوکم ناکات لە کوردستان، بەڵکو لایەنگری سیاسی حکومی کردوە و دادوەری پارتیەکان بەپێی بەرژەوەندی حزبەکەیان بڕیاریانداوە. بۆیە دادوەر لە دادگای کوردستاندا سەربەخۆ نیە و موچەخۆری دەسەڵاتی حزبە و دەزگایەکە بۆ بەرگری لە دەسەڵات و سەرکوتی ماف و ئازادییەکانی و ڕۆژنامەنووسان، بەم تەجروبە زیندووانە لەسەر کەیسی ئازادی هەڵسوڕاوانی سیاسی ڕۆژنامەگەری دادوەر شوێن پەنجەی لایەنگریی دیارە.

لەوەش زیاتر هەڵوێست و مامەڵەی ئۆپۆرتۆنیستانەی یەکێتی و گۆڕانە کە خۆیان بەشێکن لەم دەسەڵات و حکومەتە و دەیانەوێت وانیشان بدەن کە لە بڕیار و سیاسەتەکانی پارتیدا بەشدار و هاورا نین! ئەم هەڵوێستەشیان دووڕوویییەکی ئاشکرایە و بۆ فریودانی خەڵکی کوردستانە.

ئەگەر بەراستی ئەم دووحزبە لە بەرەی داکۆکیکردن لە گیراوەکاندا بوونایە و لەدژی بڕیاری سزادانی هەڵسووڕاوانی بادینان بوونایە، ئەوا کێ دەستی گرتوون، بۆ لەم حکومەتە ناکشێنەوە؟! کێ دەستی گرتوون لەسەر ئازادی لە ڕێکەوتنەکانتان لەگەڵ پارتیدا بکشێنەوە؟

لەبارەی هەڵوێستی باڵوێزخانە و کونسڵیەی وڵاتانی ڕۆژئاوا و ئەمریکاشەوە دیسانەوە مەسەلەکە داکۆکیکردن نیە لە ئازادی و ئازادکردنی گیراوەکانی بادینان، بەڵکو هەوڵی ئەم وڵاتانە بۆئەوەیە دۆخی هەرێم بەدژیان تێک نەچێت، ئەوان بەدوای بەرژەوەندیەکانی خۆیانەوەن و لەم چوارچێوەیەشدا پارتی و حکومەتەکەی شەریک و دۆستیانە. بێگومان قوڵبوونەوەی ناڕەزایەتیەکانی خەڵک و لەدەست دەرچوونی دۆخەکە بە زیانی کۆمپانیاکانیان و تەواجودیانە لە ناوچەکەدا، بۆیە تەواوی هەوڵی ئەم وڵاتانە بۆ خاوکردنەوەی گرژییەکان و ئەو فاکتۆرانەیە کە ئەمنییەت و ئارامی لەبەردەم مانەوەیاندا دەخاتە مەترسییەوە.

ئێستا باسی ئەوە دەکرێ کە نێچیرڤان بارزانی دەسەڵاتی خۆی جێبەجێ بکات وەکو سەرۆکی هەرێم و بڕیاری لێبووردنیان بۆ دەربکات.. چونکە خۆشی وتبووی بۆ ناوبانگی هەرێم باش نیە.. ئەو گوشار و ناڕەزایەتییەی لە مەیداندایە نابێت دەرفەتی پلانی خەواندنی کەیسی گیراوەکانی بادینانی پێ بدرێت. پێویستە ناڕەزایەتیەکانمان بەرفراوان بکەینەوە نابێت ڕێگە بدەین ئەم سیاسەتە سەرکوتگەرییەی دەسەڵات بەرامبەر ناڕەزایەتیە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان بچێتە سەر. ئەم سیناریۆ گاڵتەجارەی دادگای هەرێم سەربگرێت دەستی ستەم و سەرکوت بۆ سەر ژیان و ئازادیەکانمان مەترسیدارتر دەبێت. پێویستە لە دەرەوە و ناوەوەی کوردستان ڕیسوا بکرێت. سنوورێک بۆ ملهوڕی پارتی و سیاسەتی سەرکوتگەری دابنرێت لە پەلاماردانی هەڵسووڕاوانی ئازادیخواز و ڕۆژنامەنووسان و ڕابەرانی ناڕەزایەتیەکان، ناچاریان بکەین دەستبەجێ بڕیاری دادگای تاوانەکانی هەولێر هەڵبوەشێنەوە و دەستگیرکراوەکانی بادینان ئازاد بکرێن و دەسەڵاتی پارتی ناچاربکرێت واز لە خەڵک و سەرکوتی ئازادی بهێنن، نابێت ڕێگە بدەین ڕەخنەگرانی دەسەڵات خاوبنەوە.

★

# ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!

# سەنگەر گواستنەوە یان گەڕان بەدوای کۆمپانیای چەورتردا!



عەبدوڵا مەحمود

وازهێنان لە حزب و ڕێکخراو و کۆمەڵەیەک لەسەر بنەمای بوونی بیروباوەر و هێڵی سیاسی جیاواز، بەتاک یان بە کۆمەڵ و پەیوەست بوون بە حزب و ڕێکخراوەیەکی تر... کارێکی سروشتییە. دەشێت کەسێک یان کەسانێک هەبن لەگەڵ قوڵبونەوەی ناکۆکییە سیاسی و فکری و بەرنامەییەکانیان لەگەڵ ڕەوت و حزبێکی سیاسییدا کە کاری لەگەڵ دەکەن بەوە بگات، واز لەو حزب و ڕێکخراوە سیاسییە بهێنن، جا یان دەست ببەن بۆ دروستکردنی حزب و ڕێکخراوەی تر یان بەیەکجاری دابنیشین و دەست بە کڵاوی خۆیانەوە بگرن. یاخود دەشێ پەیوەست ببن بەو ڕەوت و حزبە سیاسیەی کە لایانوایە چوارچێوەیەکی شیاوە بۆ خەت و هێڵی سیاسی و فکریان. ئەمە ڕوداوێکی ئاساییە لە ژیانی سیاسی و حزبی و ڕێکخراوەییدا. تەنانەت زۆرجار لێکجیابوونەوەو وازهێنان دەبێتە پێداویستیەکی ناچاری. کاتێک ڕەوتێک و فراکسیۆنێک، کۆمەڵە کەسێک بەو تێگەیشتنە دەگەن، کە جیاوازی سیاسی و فکری و بەرنامەییان لەگەڵ حزب و ڕێکخراوەکەیاندا بەشوێنێک دەگات کە بەتەواوەتی دەکەونە ناکۆکییەوە لەگەڵ یەکتری تا ڕادەی پراکتیکی جیاواز. یان ئەو چوارچێوە و تەلارە ڕێکخراوەییە تەنگ دەبێت بۆ دوو هێڵ و خەتی سیاسی جیاواز، سەرئەنجام ڕێگای دروست وازهێنان و لێکجیابوونەوە یان دەستبردنە بۆ پێکهێنانی حزب و ڕێکخراوەی تر تا ببێتە وەسیلە و ماشێنی بزاوتنی خەتی سیاسی و فکری و پراکتیکیان. مێژووی سیاسی ئەحزاب و ڕیکخراوەی سیاسی و یەکێتی و نەقابەکان، پڕیەتی لەو حاڵەتانە.

دیارە هەر کام لە بزوتنەوە چینایەتی و کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان خاوەنی نەریتی خۆیانن، لە پەیوەند بە مامەڵە چ لەگەڵ ناکۆکیە سیاسییە ناوخۆییەکانیان و چ لەگەڵ ئەوانەی لێیان جیادەبنەوە یان وازدەهێنن.

لەونێوەدا بزوتنەوەی بۆرژوازی کورد، و حزبەکانی خاوەنی نەریتی خۆیانن، کە ڕەنگدانەوەی ماهیەتی چینایەتی و دەرهاویشتەی پەیامی سیاسی و ئاسۆی زاڵ بەسەر دنیابینیاندایە. ئەم بزوتنەوەیە لەگەڵ ناکۆکیە ناوخۆییەکانیدا قیزەونترین مێژووی هەیە. تڕۆکردن!! دەرکردن، پاشقول لەیەکتری گرتن، دەزگا سازکردن بۆ کۆنتڕۆڵی تەلاری ناوخۆیی حزبی، جاسوسی بەسەر یەکتریەوە، شەخسیەت شکاندن و تۆمەت سازکردن، دەستبردن بۆ چەک و تەسفیە کردنی جەسەدی، تا دەگات بەرادەی تەخوینکردن و تیرۆکردن لە تاریکیدا... ئەمانە گۆشە بەگۆشەی ئەو نەریتەن کە ئەم بزوتنەوەیەی پێ دەناسرێتەوە و وردەکاری ئەم نەریتە لە زمانی بەشیکی زۆر لە کاراکتەرە سەرەکیەکانی بزوتنەوەی کوردایەتیدا تۆمارکراوە. جیابونەوەی باڵی مەکتەبی سیاسی ناسراو بەجەلالی، لە پارتی لەناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو، تا ئیستاشی لەگەڵ بێت، کاریگەری ماوەو سەرڕێژە لە ڕق و کینە و درێژەی هەیە. جیابوونەوەی ئاڵای شۆڕش لەیەکێتی لە ناوەڕاستی هەشتاکان، بەهەمانشێوە لێوان لێوە لەپیسترین ڕەفتار و مامەڵە و نەریتی داوکەوتوانەو خێڵەکی. جیابوونەوەی نەوشیروان و بەشێک لە سەرانی یەکیتی لە یەکێتی و دروستکردنی بزوتنەوەی گۆڕان، کە بەدوای خۆیدا هەمان نەریتی پڕ سوکایەتی و تەخوینکردنی ئابدەیت کردەوەو هاوڕیی چل ساڵەی یەکتری کەوتنە فایل هەڵدانەوەو تۆمەتبارکردنی یەکتری بە خیانەتی کوبرا. ئەمانە چەند نموونەیەکی زۆر بەرجەستە و مامەڵەی ڕابەرانی ئەم بزوتنەوەیە لەگەڵ ئەم جیابوونەوانەو لەگەڵ یەکتری، ئەمانە قیزەونترین دیمەنی ئەم بزوتنەوە سیاسییە دەخاتە ڕوو... ڕاوەدوونان، نانبڕین، تۆمەت خستنە پاڵ، تەخوینکردن، زیندانیکردن، دەستبردن بۆلایەنی ئەخلاقی، پەنابردن بۆچەک بۆ تەسفیە، هانابردن بۆ نۆکەرایەتی وڵاتان، بۆ لێدان لە یەکتری... نموونەی زیندون بۆ خستنەڕووی ماهیەتی ئەم بزوتنەوەیە لەگەڵ نەیاران و ناکۆکیە ناوخۆییەکانیان... بەتایبەتی لەو کاتانەدا کە وەکو نەیاری سیاسی دەسەڵاتی بەعس خۆیان نمایش دەکرد. جیابوونەوەکانی سەردەمی شاخ و کاتی ئۆپۆزیسیۆن بوون، فراوانکردنی قەڵەمڕەوی ناوچەی هەڵسوڕان و دەسەڵات و هاوکات هەوڵ بۆ نزیک بوونەوە لە بەعس، لایەنێکی سەرەکی ململانێی و مەبنای سەنگەر گواستنەوە بووە.

بەجیا لەو جیابوونەوانەو مامەڵەیان لەگەڵ یەکتری و لەگەڵ ئەوانەی کە سەنگەریان گواستۆتەوە یان جیابوونەتەوە، دیاردەی سەنگەر گواستنەوە!! لە دوای ڕاپەڕیندا، بەشێوەیەکی بەرجەستەتر لەناو ئەو حزب و بۆ ناو ئەو

## درێژەی.. سەنگەر گواستنەوە یان گەڕان بەدوای کۆمپانیای چەورتردا!

حزبی تر بۆتە حاڵەتێکی رۆتین.
حزبە سیاسییەکانی کوردستان، بەتایبەتی حزبە دەسەڵات بەدەستەکان، لەپاڵ سیاسەتدا و هاوتەریب لەگەڵیدا بەوێنەی دوو حزبی سەرەکی بوونە دوو کۆمپانیای زەبەلاحیش، سەرەتا بە تالانی ممتەلەکاتەکانی سەردەمی بەعس و دەستبەسەراگرتنی و پاشانیش لەرێگای قۆرغکردنی بازار و بازرگانی و بەڵێندەرایەتی و کۆمپانیاکانیان، هەموو داهات و سامانی کوردستانیان دەستبەسەراگرت و ریگاکانی تالانیان، بەهەردوو جۆری" بەیاسایی‌کراو شەقاوەچێتی" پاوان کرد. ئەم حاڵەتە سەنگەر گواستنەوەی!! کردە هەڵپەی بەش پێبران لە پشکی کۆمپانیاکاندا. بەتایبەتیش ئەو کاتانەی کە پرسی هەڵبژاردنەکان دێنە پێشەوە، کێبەرکێی پچرینی پشکەکان گەرمتر دەبێت و عەشیرەتەکان سەنگەر دەگوازنەوە، لەراستیدا وابەستەیان بە کۆمپانیاکان جێگۆرکێی پێدەکەن، کاراکتەرە سیاسییەکان، پێشکەشکارە تەلەفزیۆنیەکان، ئەندام پەرلەمانەکان، نووسەر و رۆژنامەنووسە کاسبەکان، تۆراوەکان، .... ریگای پەیوەست بوون" گواستنەوەی سەنگەر" لەم حزبەوە بۆ ئەم حزبی دەسەڵات دەگرنە بەر... حزبەکانی دەسەڵاتیش کە باکیان بەداهاتی خەڵکی کوردستان نییە، لە داهات و قوتی جەماوەری کوردستان، ئیمتیازی هەمە رەنگ دەبەخشنە ئەوانەی پێیانەوە پەیوەست دەبن.
بۆیە ئەوەی روودەدات لەراستیدا سەنگەر گواستنەوە بەمانا تەقلیدیەکەی نییە، بەڵکو هەڵبژاردنی کۆمپانیای حزبییە وەکو سەرچاوەی دەستگیر بوون لە داهات و ئیمتیازات...
خەت و هێڵی سیاسی و جیاوازییەکی بیروڕا لە ئارادا نییە... ململانێی پرۆژەکانە و کێبەرکێی خەتی سیاسی،... نییە.
حزبە سیاسییە بۆرژوازییەکانی کورد، هێندە لەیەک دەچن و وەکو کۆپی ئەسڵی یەکتری دەردەکەون، کە مەودا و جیاوازییەک لەگەڵ یەکتری نیشان نادەن، تا لەباری سیاسییەوە بوارێک بدات بە هەڵبژاردن و سەنگەر گۆڕین!!.
هیچ حزبێکی سیاسی لە خانەوادەی بۆرژوازی کورد نییە، کە جیاوازییەکی بەرجەستە لەگەڵ ئەوی دی هەبێت.
ئەوانەی کە سەنگەر دەگوازنەوە!! بانگەشەکەیان هەرچییەک بێت و هەر پاساوێک بۆ سەنگەرگواستنەوەکەیان، بکەنە پسوڵەی رەوایەتی دان بەجیگۆرکێیان، هیچ لەو راستیە ناگۆڕێت، کە وێڵ بوون بەدوای دەسەڵات و پێگەی زیاتر و بەهرەمەند بوون لە دەستکەوت و ئیمتیاز زیاتر شتیکی تر نییە.
جیگۆرکێی ئەم هەموو کاراکتەرە سیاسییە، لە ئەندام مەکتەب سیاسیەکانەوە بۆ ئەندامی جفاتی نیشتیمانی بۆ ئەندام پەرلەمان، پێشکەشکار، رۆژنامەنووس، نووسەر، لە زۆنی سەوزەوە بۆ زۆنی زەرد و روو لەپارتی کردن، بەجیا لەوەی حزبە سیاسیەکان، خاوەنی هیچ پرۆژەیەکی سیاسی جیاواز لە پارتی نین و زۆرتر پاشکۆی پارتین و یان پاشکۆی ئەو روداوانەن کە پارتی ئەندازیاری وەجولە خستنیانە، هاوکاتیش پارتی کۆمپانیا گەورەکەیە، سەرچاوەی زۆری داهاتەکەیە، قەڵەمرەوییە سیاسیەکەی فراوانترە، بانگەشەکانی زلتر و وەکو کارتێلیکی ئابووریش کۆمپانیاکانی سەقامگیرترن و سەرچاوەی قازانجی زۆرترن و رادەی خۆشخزمەتیەکەشی بە ولاتانی ناوچەکە، دیارترە.
بەپێچەوانەی لێدوان و پاساو هێنانەوەی هەموو ئەوانەی سەنگەر دەگوازنەوە یان گواستویانەتەوە، کە دەیانەوێت خزمەتی زیاتر بکەن، هەموو ئەو سەنگەر گواستنەوە یان جێگۆرکێیە، لەم حزب و ریکخراوەی سیاسیانەوە، بەتایبەتیش رووکردنیان لە زۆنی زەرد و پارتی، بۆ یەکجاریش نەیتوانیوە بە زەرەیەک و بایی سەرە دەرزیەک ئاڵوگۆر لە ژیانی سیاسی و گوزەرانی خەڵکیدا بکات و هیچ ئاسەوارێک لەسەر پرسی ئازادی و مافەکانی هاولاتیان دابنێت، بە پێچەوانەوە هەموو ئەوانەی چوونەتە ریزەکانی پارتییەوە ژیانی خۆیان و دەوروبەریان شاهانەتر بووە هاوکاتیش بوونەتە پارچە و برغوی ئەو ماشینە سیاسیەی، خاوەنی سەرکوتێکی زۆرتر و دەسەڵاتێکی قوتبی تر و لەبەرانبەر بە ویست و داخوازی هاوڵاتیان بێباکتر و لەدژی ئازادی وئازادییەکان، رەقتر و لە بەرامبەر بەیاسادا، کۆنەپەرستر و لەبەرامبەر بە کۆمەڵگەدا بەگشتی ترسناکتر.

★

**حکومەتی هەرێم، حکومەتێکی بندیوار و مشەخۆرە بەسەر ژیانی خەڵکی کوردستانەوە. بوون و مانەوەی زیادەیەو مایەی وێرانکردنی ژیان و گوزەرانی خەڵک و هەژارتر کردنیانە، مایەی لەنێوبردنی سەرجەم ئازادیەکان و پێشێلکردنی مافە مەدەنی و کۆمەڵایەتیەکانیانە، مایەی هێنانی کارەسات وماڵوێرانیە بۆ خەڵکی کوردستان!**




**ڕێکخراوی دەرەوەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، هەڵدەستێت بە سازدانی خۆپێشاندانێکی ناڕەزایەتی بۆ بەردەم نوسینگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە لەندەن/ بەریتانیا .ڕۆژی : چوارشەممە ڕێکەوتی ١٢/٥/٢٠٢١ کاتژمێر: ١ی پاش نیوەڕۆ.. شوێن :**

2 Hobart place, Belgravia
London SW1W 0HU

**نزیکترین وێستگەی شەمەندەفەر** Victoria Station **یان** Hyde Park Corner

**بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بەم ژمارە تەلەفۆنانەوە بکەن** 07856032991 : **یان** 07402488460

# پشتیوانی لە ڕاوەستانی خەڵکی ئازادیخوازی مەریوان دەکەین دژی سەلەفیەکان!

چەند ڕۆژ لەمەوبەر لەشاری مەریوان، ژمارەیەک لە چەقۆکێشانی ئیسلامی سەلەفی، هەوڵیانداوە داعش ئاسا کەسێک بەچەقۆ بەبەرچاوی خەڵکەوە سەرببڕن، بەڵام خەڵکی ئامادەبووی ڕووداوەکە دێنەدەست و دوای ڕاوەستانەوەو پەلاماربردنیان بۆ سەر سەلەفیەکان کەسەکە ڕزگاردەکەن. بەدوای ئەم شکستەدا سەلەفیە ئیسلامیەکان، بە چەقۆ و قەمە هێرش دەکەنە سەر گەڕەکی دارسێران لە شاری مەریوانی کوردستانی ئێران و دوو کەس بریندار دەکەن. بیانووی ئەم هێرشە دڕندانەو هەمەجیەیان ئەوەبوە کە گوایە ماڵێک لەو گەڕەکە خواردنەوەی کحولی دروست دەکات، بەڵام ڕاوەستانەوەی کوڕان و کچان وخەڵکی ئازادیخوازی گەڕەکی دارسێران و تەشەنەکردنی ناڕەزایەتی و ڕقوتوڕەیی خەڵک بۆ گوندو گەرەکەکانی تری ئەم شارە، ئەم روداوەی وەکو بەرەنگاریەکی ئازادیخوازانەو بەرهەق دژی کۆنەپەرستانی ئیسلامی سەلەفی و دەسەلاتدارانی ئێران بەرجەستەکردۆتەوە.

بێگومان ئەم هەوسارپچڕاندنەی ئیسلامی سەلەفی دژی خەڵکی مەریوان لەژێر باڵ و بە بەرچاوی دەزگا ئەمنیەکانی ڕژێمی ئیسلامی ئێرانەوە ئەنجام دراوە. ماوەیەی چەند ساڵێکە خەڵکی شاری مەریوان بەشێوەی جۆرواجۆر دژایەتی خۆیان بۆ ڕژێمی دڕندەی ئیسلامی ئێران ڕاگەیاندوە و دەیان چالاکی جەماوەریان دژی ئەو ڕژێمە بەرپاکردوە. دەستەمۆکردن و بێدەنگ کردنی خەڵکی ناڕازی مەریوان بۆ ڕژێمی ئیسلامی ئێران بایەخی خۆی هەیەو ئەم هێرشەی تیرۆریستانی سەلەفی لەم چوارچێوەیەدا مانا پەیدا دەکات و جێگای پێشوازی و پشتیوانی ڕژێمی ئیسلامی ئێرانە. ڕژێمی ئیسلامی ئێران لەجیاتی دەستگیرکردنی تاوانبارانی هێرشبەر فەزای سەرکوتی لەدژی خەڵک ڕاگەیاندوە.

ئێمە لە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان وێرای ئەوەی هێرشی تیرۆریستانی ئیسلامی سەلەفی و بە پشتیوانی ڕژێمی ئیسلامی ئێران ڕیسوا و سەرکۆنە دەکەین، هاوکات بەتەواوی تواناوە لەپاڵ خەڵکی ڕاوەستاوی شاری مەریواندا ڕادەوەستین و بانگەوازی جەماوەری ئازادیخوازی شارەکانی کوردستانی عێراق دەکەین کەبۆ پشتیوانی لەخەڵکی ڕاپەڕیوی شاری مەریوان لەدژی کۆنەپەرستی، بەشێوەی گونجاوی خۆیان دەنگی ناڕەزایەتی دەرببڕن و سەلەفیەکان وئەوانەی پشتیوانیان دەکەن ڕیسوا بکەن و لەقاوی بدەن.

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**
**٧ی ئایاری ٢٠٢١**

# بەشداری ڕێکخستنەکانی حزب لە چالاکیەکانی یەکی ئایاری ئەمساڵدا

**کوردستان:**

ڕێکخستنەکانی حزب لە سلێمانی چەند ڕۆژ پێش لەیەکی ئایار هەستان بە هەڵواسینی لافیتەکانی حزب لە چەندین شوێنی گشتی شار و ڕۆژی ٢٨ ی مانگیش مێزکتێبی حزب لە بەردەم باخی گشتی بەڕێوەچوو کە بەیاننامەی حزب بڵاوکرایەوەو دروشمەکانی حزب بۆ ئایار و سرودی کرێکاری لە مۆنتاربووەوە دەخوێنرانەوە. شایانی باسە ژمارەیەک هاوڕێی ڕێکخستن بۆ ڕێزگرتن لە یادی هاوڕێ (صدیق حسن) ناسراو بە شێخ سدیق سەردانی گڵکۆی هاوڕێیان کرد وەکو وەفایەک بۆ ئامادەیی ئەو هاوڕێیە لە هەموو چالاکیەکانی ئایاری ڕابردوودا.

ڕۆژی یەکی ئایاریش هاوڕێیانی ڕێکخستنی سلێمانی حزب لەگەڵ دۆستانی حزبدا بەشداری ڕێپێوان و کۆبونەوەی جەماوەری کرد کە کۆمیتەی مەراسیمی یەکی ئایار ڕێکی خستبوو. ڕێپێوانەکە لە سەهۆڵەکەوە دەستی پێکرد بۆ بەردەم باخی گشتی. لە ڕەوتی ڕێپێوانەکەدا چەندین دروشمی کرێکاری لەلایەن بەشداربوانەوە دەوترانەوە. دواتر لە بەردەم باخی گشتی بەیاننامەی کۆمیتەی مەراسیم خوێنرایەوە کە تەئکیدی لەسەر بارودۆخی خراپی ژیانی کرێکاران و هێرشەکانی بۆرژوازی بۆسەر ژیان و مافەکانیان لە ئاستی جیهان و کوردستانیشدا دەکرد و باسی لەوە دەکرد کە کرێکاران وهەڵسوراوانی کرێکاری دەبێت بۆ سەرکەوتن بەسەر ئەم باوردۆخەدا دەست بەرن بۆ خۆڕێکستن و بەرینکردنەوەی هوشیاری چینایەتی و وەستانەوە بەڕوی دەسەڵاتیکدا لە خۆی وەکو سەرمایەدار و خاوەنکار و هەروەها وەکو پارێزەری ئەوان مافەکانی کرێکاران پێشێل دەکات ... هەروەها کۆمەڵێک سرودی کرێکاری لەلایەن هونەرمەند نجم محمدەوە خوێنرایەوە.

**ئەڵمانیا:**

ڕێکخستنەکانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان، لە هەردوو شاری کۆڵن و کالسرۆ، هاوشانی حزب و ڕێکخراوە چەپ وکۆمۆنیستەکان بەشداری چالاکیەکانی یەکی ئایاریان کرد. لە شاری کۆڵن بە بەشداری چەندین حزب و ڕێکخراوی چەپ و کۆمۆنیستی ڕێپیوانێک لە بەردەم ئۆفیسی سەرەکی یەکێتی کرێکارانی ئەڵمانیا سازدرا و لە وێوە بە بەرزکردنەوەی چەندین لافیتە وبە وتنەوەی سرود و دروشمەکان، ڕێپێوانەکە بەرەو ناوەراستی شار و پاشان بەرەو مەیدانی ( ئاڵت شتاد) بەردەوامی هەبوو، لەوێدا ووتاری حزب ولایەنەکان پێشکەش کرا. هاوکات ڕێکخستنی حزب لە شاری کارلسرۆ، لە کۆبونەوەی ناڕەزایەتی لەلایەن یەکێتی کرێکارانی ئەڵمانیا کە ناسراوە بە (D.G.B)بەشداریان کرد و پاشان لەرێپیوانی حزب و ڕێکخراوە چەپ وکۆمۆنیستیەکان لە شاری کالسرۆ بە هەمان شێوە بەشداریان کرد کە بەوتنەوەی دروشم وسرودە شۆرۆشگێر و کرێکاریەکان، بەردەوامی هەبوو. لەم چالاکیانەدا، بەیاننامەی ڕێکخراوی دەرەوەی حزبیان بەزمانی ئەڵمانی بە نێو بەشداربواندا، بلاوکردەوە.

**کەنەدا:**

بۆ ڕێکخستنی ١ی ئایار لە کەنەدا کۆمیتەیەک پێکهات لە ڕێکخراوی کرێکاری و جەماوەری و حزب و کەسایەتی لە کەنەدا. ئەو کۆمیتەیە پتر لە ٦ مانگ زیاتر کارو ڕێکخستن تواندرا لە کۆتاییدا نزیک بە ٥٠ لەو لایەنانە کۆکاتەوە. بەهۆی هەلومەرجی پەتای کۆرۆناوە بڕیاردرا ئەو ڕێپێوان و مەراسیمە لە ڕێگەی زوومەوە بەڕێبخرێت. هاوڕێیانی حککک و حککع بەشداریان تێداکرد و پشتیوانیان لەم ڕێورەسمەکرد. نوێنەری حککک/کەنەدا هاوڕێ ئاراس ڕەشید یەکێک بوو لەو ٢٢ قسەکەرانەی لەوڕۆژەدا وتەیان هەبوو. هەروەها هاوڕێ نوری بەشیر پۆستەرێکی تایبەتی دروستکرد کە تێیدا ( پیرۆزبایی ڕۆژی چینی کرێکار) ی بە پتر لە ٨ زمان ختسە سەر پۆستەرەکە، ئەو پێشنیارە لەلایەن حکککک وە خرایە بەردەم کۆمیتەکە و پەسەندکرا.

شایانی باسە لە ١ی ئایاردا نزیکەی ٣٧٣ کەس لە هەڵسوراوانی کرێکاری و کۆمۆنیستی لە ڕێگەی زوومەوە لەسەرتاسەری کەنەدا بەشداریانکرد و شۆڕوشەوقێکی زۆری پێوەدیاربوو. قسەکەران لە قسەکانیاندا ئاماژەیان بەزۆرێک لە کێشەو پرسە کرێکاری و جەماوەریەکانی کەنەدا و دنیا کرد. وتەی حککک لەلایەن هاوڕێ ئاراس ڕەشید بەزمانی ئینگلیزی پێشکەشکرا.

جێی ئاماژەیە کە لە کۆبوونەوەی ٨ی ئایاری کۆمیتەکە کە نزیک ٥٨ هەلسوراو بەشداریان تێداکرد و هەرلەو کۆبوونەوەیەدا لەسەر پێشنیاری نوێنەری حککک بەکۆی دەنگ بڕیاردرا کە نامەیەکی ناڕەزایەتی بەناوی کۆمیتەی ١ی ئایار دژ بە بڕیاری سزادانی ٦ لە زیندانیکراوانی بادینان ئاراستەی بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکرێت. ★

**سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی:**
**عوسمانی حاجی مارف**
Mob: 00964(0)7701570050
Email: osman_maruf@yahoo.com

**جێگری سکرتێر:**
**موحسن کەریم**
Mob: 00964(0)7700475533
Email: muhsin_km@yahoo.com

**ڕێکخراوی دەرەوە:**
**دەشتی جەمال**
Mob: 0044(0)7856032991
Email: dashtyjaml@gmail.com
**نوری بەشیر**
Mob: 0044(0)7476204121
Email: nooribashir1@yahoo.com